www.kurdistannet.org

# دوو له دوو

بەختیار شاخی
bshakhy@hotmail.com

**١- شێر و کونه مشک به چاویلکەی تۆماس هۆبز!**

لەسەر گیرانی سەدام بەو ڕیسواییە زۆر شت گوترا، عەرەبی ڕەگەزپەرستیش زۆریان پاساو بۆ هێنایەوە، من حەقیقەتی ئێستای سەدامم له قسەیەکی تۆماس هۆبزدا دیتەوە که نزیکەی ٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا له (لیڤیاتان)دا لەبارەی سەدامەکان گوتیەتی:

«ئەو مرۆڤه خۆپەرەستانەی که ڕادەی شایستەیی و توانای خۆیان له پیاهەڵدان و ماستاوی خەڵکی دەوروبەریان و هەندێ سەرکەوتنی بەرێکەوتدا دەبیننەوە و دەیکەنه پێوەری ئایندەی خۆیان، بەبێ ئەوەی بەڕاستی خۆیان بناسن و باوەڕ بەخۆبوونێک وەدەست بێنن، سەرەڕۆیی دەکەن، بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە ئەگەر بتوانن هەڵدێن، بەڵام ئەگەر ئەوەیان بۆ نەکرا و زانییان ڕێی دەرچوونیان نییە، ئەوە بۆ پاراستنی خۆیان، ئابڕوی خۆیان دەخەنه بەر مەترسی نەک گیانیان، چونکه دەزانن دەکرێ دواتر پاساو بۆ ئابڕووچوونیان بهێننەوە، بەڵام گیانێک که لەدەست بچێ تازه ناگەڕێتەوە».

بەڕاستی چاکی پێکاوە، وا له ئێستاوه عەرەب پاساو بۆ حەیاچوونی سەدام دێننەوە.بەڵام له قەدیمیشەوە کورد بەو جۆره کەسانه دەڵێ:شێری ماڵێ و ڕێوی دەرێ.

**٢- کۆنگره و چەپڵه کراسی!**

ئێمەی ڕۆژنامەنووس پێش هەمووان تێکەڵ بووینەوە و کۆنگرەمان بەست، ماڵم هەقه دەتگوت بێگارمان پێ دەکرێ، ئاخر هاتبووین تا له کۆتاییدا بەچەپڵه هەموو شتێ تەواو کەین، بەڵام نەوێراین بەجیدی گفتوگۆ لەسەر ناکۆکییەکان بکەین، زۆر جار له پشتەوە بۆڵه بۆڵ دەهات، یەکیدی لەولا پرتەپرتی بوو، بەڵام لەوە تێپەڕی نەکرد، سەیره ٤٧٥ ڕۆژنامەنووسی کورد له جێیەک کۆببنەوە و نەوێرن باسی فایل بکەن، نەوێرن پێشنیار بکەن ئەو پاکسازییەی له کەرکووک هەیه با بەعسییەکانی ناو فەرمانگەکانی هەرێمیش بگرێتەوە، ئەی کەرکووک مین زیمنی هەرێم نییە؟ لەوەش سەیرتر ئەوەیه ٤٧٥ ڕۆژنامەنووسی ڕەخنەگر وەک حزبێکی عاقڵی کوردستانی بەچەپڵه دەنگ بدەن... ئەوه دیموکراسیەتی سەردەمه، چەپڵه کراسی تەقڵه بەمۆدیرنیته و پۆست مۆدێرنیته و پۆست بونیاد گەرایی و پۆست حزبایەتی لێدەدا... ئەمه پۆست کۆنگرەیه گەلی برادەران... سەدجار موبارەکمان بێ...